# جینۆساید

## لە باکوری کوردستان



نووسینی : تەها سلێمان

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسیی

ئەم ناوەندە ناوەندیکی ئەکادیمی قازانج نەویستە، کاردەکات لەپێناو دابین کردنی کەشێکی ئەکادیمی بۆ پێشنیارکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبیتەوە.

ناونیشانی ناوەندی چاوی کورد

عێراق – هەرێمی کوردستان – سلێمانی – شاری سپی – ڤێالی ژمارە B22-

سایتی چاوی کورد لەپێگەی ئەلەکترۆنی

http://chawykurd.com/default1.aspx

ماڵپەڕی چاوی کورد لەفەیسبووک

"چاوی کورد"

# جینۆسایدی باکوری کوردستان

تەها سلێمان

٢٠١٨ی زاینی ٢٧١٨ی کوردی

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پەیڤێک | ٢ |
| باکوری کوردستان | ٤-٢ |
| بەڵگەنامەیەکی گرنگی جینۆسایدی باکور | ٥-٤ |
| بڕیاری ژمارە "٨٨" | ٦-٥ |
| ژمارەکان | ٨-٦ |
| کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان | ٩-٨ |
| جینۆسایدی دەرسیم | ٩ |
| بۆچی دەرسیم؟ | ١٠ |
| چیرۆک و ژانی کۆمەڵکوژی دەرسیم | ١٣-١١ |
| ئامارەکانی جینۆسایدی دەرسیم | ١٥-١٣ |
| سەید رەزا نمونەی باڵا لەکوردبوون | ١٨-١٦ |
| هاوارنامە | ١٩-١٨ |
| جینۆسایدی دەرسیم وحکومەت | ٢١-٢٠ |
| بۆچون لەبارەی کۆمەڵکوژی دەرسیمەوە | ٢٤-٢١ |
| جینۆسایدی دوای دەرسیم | ٢٦-٢٤ |
| چەند نمونەیەک | ٢٧-٢٦ |
| کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی | ٣٠-٢٨ |
| ئەنجام و پێش کۆتایی | ٣١-٣٠ |
| سەرچاوەکان | ٣٢ |

## پەیڤێک

تورکیا، بەدرێژایی مێژووی حکومڕانی تیایدا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لەهەموو بەها مرۆییەکان، بێڕەچاوکردنی یاساو ڕیساو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ڕووبەڕووی کوردستان و گەلی کورد لەوبەشەی داگیری کردوە بوەتەوە. بە هەڵدانەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی مێژوو، بەڕەوانی ئەوەمان پێدەڵێن کەگەلی کورد، لەم بەشەی نیشتمانەکەی "باکور" بەچی شێوازێک ڕووبەڕووی سیاسەتی جینۆسایدکردن بوەتەوە، تێدەگەین لەوەی چ جۆرەسیاسەتێک بەرامبەری بەکارهاتوە، چۆن کەوتوەتە بەرشاڵاوی جینۆسایدکردن و کراوەتە ئامانجی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەو کلتوورو سوتماککردنی خاک.

لەم باس وپشکنینەدا، بەگەڕانەوە بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگ وپێویست، هەوڵدەدەین بەشێک لە لایەنە شاراوەو پەڕاوەکانی دۆسیەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردو کوردستان بخەینە ڕوو. پێش ئێمەش کاری لێکۆڵینەوەو نوسین و دۆکۆمێنتاری بەرچاوکراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ئەم کارەی ئێمە بخاتە خانەی ناپێویستەوە، چونکە بەلایەنی کەم لێکۆڵینەوەو نوسین و تاد.. بە شێوەزاری سۆرانی لەئاستی پێویستدا نییەو ئومێدی ئەوە دەکەین، ئەم کارە کەلەبەرێک لەم بوارە پڕبکاتەوە.

## باکوری کوردستان

بە پێی لێکۆڵینەوەی شارەزایانی مێژوو، لەناو ئەو نەتەوەو گەلانەی لە خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیا دەژین، کورد یەکێکە لەکۆنترین نەتەوەکانی ناوچەکە. زۆریشیان لەسەر ئەوە کۆکن کورد لە پێش عەرەب و تورکەوە لەناوچەکەدا بوونی هەبووە، ئەمەش وای کردووە بەشێک بێت لەڕووداوەکان و جەنگەکان، ململانێ سیاسی و کلتوورییەکانی ئیمپریاتۆرو دەسەڵات و فەرمانڕەواکانی ناوچەکە.

باکوری کوردستان، کە بەپێی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە وەک "ئێران، سوریا، عێراق، تورکیا"، کراوەتە بەشێک لەدەوڵەتی تورکیا، مێژووییەکی دەوڵەمەندی لەشارستانییەت هەیە، هەر ئەمەش وای کردوە کە لێکۆڵەرو گەڕیدە بیانیەکان کەهاتوونەتە ئەم بەشەی کوردستان، سەرنجەکانیان نەشاردوەتەوەو خستویانەتە ڕوو .

له ساڵی ١٩١٩ مێجەر نوئێل کاتێک هاتوەتە باکوری کوردستان و گەشتی کردوەو پشکنینی کردوە، بەدرێکی شایستەو پڕمانا دەنوسێ" کورد خاوەنی چێژو شارستانیەتێکی دێرینی رەسەنە". رەنگە ئەم بۆچوونە بۆ تورکێکی رەگەزپەرست یان عەرەب و فارسێکی رەگەزپەرست ببێتە مایەی هەڵچوون و رەدکردنەوەی رەها، بەڵام ئەمە هیچ لەراستێنەی بۆچوونەکەی مێجەر ناگۆڕێت، بەڵکو دەبێتە ئارگیۆمێنتێکی گرنگ و رووی راستەقینەی سیاسەتی پاکتاوی ئەوان لەبەرامبەر کوردو کوردستان دەسەلمێنێ .

یان دەبێت لێرەداو لەبەرامبەر بۆچوونی تورکە رەگەزپەرستەکاندا، نمونەی بیرمەندێکی گەورەی تورک کە ئەویش "ئیسماعیل بێشکچی"یە بێنینەوە، کاتێک دەڵێ" هەوڵی تەواوو توند بۆ خنکاندنی پێناسەی نەتەوەیی کورد بەبەردەوامی دەدرێت". لەدرێژەی بۆچوونەکەیدا دەشڵێ" هەروەها بۆ کردنیان بە کۆیلەو پاشان سڕینەوەی نازناوو کولتوورو شارستانێتی و زمانیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو و سەرزەمین". بێشکچی هەر لەبارەی کوردو کوردبوونەوە باکوری کوردستان، دەڵێ" لەتورکیا نەتەوەی کورد تەنیا نکۆڵی لەبوونی خۆی و پێناسەی نەتەوەیی خۆی بکات، دەتوانێک بە ئازادییە لاوەکیەکان شاد بێت و سوود لە پرنسیپی مامەڵەی یەکسان وەربگرێت ."

لەسونگەی ئەم شیکاری و بۆچوونەی "بێشکچی"یەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کورد لە باکوری کوردستان، هەمیشە لەچوارچێوەی سیاسەتی کوشتن و قڕکردن و سڕینەوەی زمان و کولتورو ناسنامەی نەتەوەییدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا کراوەتە ئامانجی باڵا، لەبەرامبەر ئەم فەلسەفەو زهنییەت و سیاسەتەشدا کورد لەبەرگری سەختدا بووە و قوربانی داوەو نەیویستوە تەسلیم بێت. بەواتایەکی دیکە، سەربەستی نەتەوەیی و رزگاری نیشتمانی لەداگیرکاری لەپێش ئازادی لاوەکییەوە داناوە، بۆیەش سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی، پرۆژەیەکی بەردەوامی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا بووە، هەروەک ئەمە بۆ دەوڵەتەکانی "عێراق و سوریاو ئێران"یش راستە .

واتا فەلسەفەی سیاسی و حکومڕانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەپلەی یەکەم سڕینەوەی شوناسی کوردبوونە، جا ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە چۆن و بەچ شێوازێک؟ رەنگە باشترین و گونجاوترینیان بۆ ئەوان، سیاسەتی قڕکردن "جینۆساید" بوبێت، هەروەک دەبینین لەو چواردەوڵەتەی کوردستانیان بەسەردابەشکراوەو داگیریان کردووە، ئەم سیاسەتە لەجارێک زیاتر جێبەجێدەکرێ .

لەبەر ئەوەی باسەکەمان لەسەرجینۆسایدی باکوری کوردستانە، سەرنج بدە لە بەندی "٦٩"ی یەکەم دەستوری تورکیا ١٩٢٤، بە چ جۆرە فەلسەفەو سیاسەتێکی شۆڤێنی و رەگەزپەرستانە رەنگ رێژکراوە، "

هەموو تورکەکان یەکسانن لەبەردەم یاسادا". ئەم رستەیەی سەرەوە لە یەکەم دەستوری دەوڵەتی تورکیا، ئەوەمان پێدەڵێ کەئەوان، تورکەکان، بەهیچ شێوەیەک شتێک نیە لای ئەوان ناوی کوردو کوردستان و ناسنامەی کوردستانی بێت و دانی پێدا بنێن، چونکە بەڕەوانی ئەوان تەنیا باسی تورک دەکەن، باسنەکردنی نەتەوەو گەلانی تریش لەنێویاندا کورد، مانای ئەوەیە کە لە بنەڕەتەوە شتێک بەناوی کوردبوون دانی پێدا نانێن، بەڵکو دەیانەوێ کوردو نەتەوەو کەمینەکانی تریش بەم فەلسەفەو دنیا بینینە بتورکێنن .

## بەڵگەنامەیەکی گرنگی جینۆسایکردنی باکور

بەڵگەنامەیەکی گرنگی پشکنەری گشتی تورکیا، کە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر مارف عومەر گوڵ لە ئارشیفی دەوڵەتی بەریتانیا پارێزراوە، باس لە ستراتیژی سڕینەوەی کوردو نەهێشتنی تایبەتمەندی کورد لەباکوری کوردستان دەکات. راپۆرتەکە لەساڵانی چلەکاندا ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی تورکیا کراوە، ناوەڕۆکەکەی داڕشتنی سیاسەتی هەرێمەکانی "بەتلیس، دیاربەکر، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە، سیرت"ە. کە بریتییە لە پڕۆژەیەکی داگیرکارییانەی درێژخایان، بە ئامانجی لەناوبردنی کورد .

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکەی مارف گوڵ، ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە "راپۆرت"، بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە کەهیچ تەمو مژێک هەڵناگرێ، بەڵکو دەرخەری زهنیەتی راستەقینەی تورک و دەوڵەتی تورکیایە :

یەکەم: نیشتەجێکردنی کۆچەرە تورکەکان، لەناوچەکانی کوردستاندا، بەومەرجەی هەرساڵەی "٣ بۆ٥" دیهاتی تورک نشینی "١٠٠" ماڵی دروست بکرێت، چونکە مەسەلەی تورکاندن و تواندنەوەی گەلێکی دواکەوتووی نەخوێندەوار لەبۆتەی گەلێکی رووناکبیرو پێشکەوتوودا ئاسانتر دەکات.

دووەم: دوورخستنەوەی منداڵی کورد لە دایک و باوکیان، کۆکردنەوەیان لە فێرگەی شەوانەی تایبەتداو مامۆستای لێوەشاوەو کارامەیان بۆ دابندرێ، بۆ ئەوەی بەگیانی تورکیزم و تورکپەروەری پەروەردەی تەواو بکرێن و زمانی تورکی بکرێتە تاکە زمانی ئاخاوتن و بەرنامەی تایبەتیان بۆ دابندرێ .

سێیەم: جێبەجێکردنی دەسڵاتی ئابوری تەنیا بۆ ئەو کەسانەی کەوازیان لە کوردایەتی هێناوە، هەروەها گەڕانی لێپرسراوانی دەوڵەت بەدیهاتەکانداو هاندانی فەرمانبەرو سەربازەکان کە ژنی کورد بخوازن، دەوڵەتیش بۆ ئەم مەبەستە زەویان بەسەردا دابەش بکات، بۆ ئەوەی لەناوچەکاندا جێگربن .

چوارەم: زمانی کوردی قەدەغە بکرێت و ئەوەی کاری بکەوێتە فەرمانگەکانی دەوڵەت، دەبێت وەرگێڕ لەگەڵ خۆی بهێنێت.

کاتێک سەرنج لەناوەڕۆکی ئەو چوارخاڵەی لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە دەدەیت، سیاسەتێکی فاشیانەو رەگەزپەرستانەی باڵا دەبینیت، کە هەموو رەهەندەکانی بە پێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید .

روونیشە ئەم بەڵگەنامەو خاڵە پێشنیارکراوەکانی دووتوێی و کارلەسەرکردنی، دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دەستوری تورکیا لەساڵی ١٩٢٤، بەندی ٨٨ کە دەڵێ: "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ رەچاوکردنی رەچەڵەکی ئاینی و رەگەز، تورکن". لێکدانەوەیەکی کورت و ئاسان بۆ ئەم بەندە، ئەوەمان بۆ دەسەلەمێنێ، لەدەرەوەی تورکبوون، هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکە لە تورکیا بەهەموو شێوەیەک رەدکراوەتەوەو قبوڵ نەکراوەو ناکرێ، کوردیش کەدوای تورک دووەمین نەتەوە بووە گەورەترین زیانی بەرکەوتووە تا گەیشتن بە جینۆسایدکردنی، کە ئەمەش ترۆپکی تاوانەکانە یان دەتوانین بڵێین دایکی تاوانەکان .

نمونەی دیکەی بەرجەستەکراویشمان لەبەردەستە، بۆ نمونە وەزیری دادی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٠ بە روونی و بێ پێچ و پەنا دەڵێ:" کورد تەنیا مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خزمەتکارو ببێ بە کۆیلە". ئەم قسەیەی وەزیری دادی تورکیا، کرۆکی فەلسەفەو سیاسەتی کەمالیستانەیە کە دواجار شۆڕبوەتەوە بۆ ناو تێکڕای جومگەو سێکتەرەکانی حوکمڕانی لەتورکیاو لەلایەن تورکەکانەوە.

## بڕیاری ژمارە "٨٨ "

سیاسەتی جینۆسایدکردن لەیاساکانی رژێمی تورکیادا دەستەبەرو جێگیرکراوە، لە ٣١- ٥- ١٩٢٦ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا، یاسای ژمارە "٨٨"ی دەرکرد، بەگوێرەی ئەویاسایە هێرش و

پەلاماردانی سەرناوچە کوردییەکان کاری ڕەوان، واتە ڕێگەپێدراون و هیچ لێپرسینەوەو بەدواچوونێکی بەدوادا نایەت، یان ڕوونتر بەڵکو هێرش و پەلاماری ناوچە کوردییەکان، دەستخۆشی و ڕێزلێنانی بەدوادا دێت وەک واش بووە. هەروەک بەڵگەنامەکان ڕاستێنەی ئەوە دەسەلمێنن کە لەساڵی ١٩٢٥ و ١٩٢٦ ڕژێمی تورکیا، بەکۆمەڵ خەڵکی ڕاگواستوەو بەکۆمەڵیش خەڵکی لەنەتەوەی کورد کوشتوەو جینۆساید کردوە، هەرلەوساڵەداو بەزستانێکی سەخت لەکاتی ڕاگواستنی کوردا، خەڵکێکی زۆر لەبرسی و سەرماو ئازارێکی زۆردا گیانیان لەدەستداوە. هاوکات گوندەگان سوتێنراون و وێران کران، پرۆسەی تورکاندن و نیشتەجێکردنی تورک لەکوردستان و شوێنی کورد، بەبەردەوامی ئامادەبوونی هەبووە.

زۆر بەکورتی بڕیاری ژمارە "٨٨" ی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا، بەچەندین دەیە پێش بڕیارەکەی ڕژێمی بەعس کەلەلایەن "عەلی حەسەن ئەلمەجید" بەرپرس و نێردەی "سەدام حوسێن"ی لەسێدارەدراو، لەمەودادا چەندێک ماوەی نێوانیان زۆرە، بەڵام لەجەوهەردا یەک ماناو یەک ناوەڕۆکیان هەیە، ئەویش ڕەوایەتیدان بە کوشتن و لەناوبردن و ڕاگواستنی کوردە لەسەر خاک و زێدو نیشتمانی خۆی، و کۆتاییەکەی بە شاڵاوی جێنۆساید کۆتایی دێت.

## ژمارەکان

بەڵگەنامەکان پێمان دەڵێن، دوای دامرکاندنەوەی شوڕشی کورد کە ١٩٢٧ – ١٩٣١خایاند، لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو، هاوکات زۆر دڕندانە، کوردستان کەوتە بەردەم شاڵاوی جینۆسایدکردن و تاوانکاری، بۆنمونە، " تەواوی دانیشتوانی "٢٢٠" گوند لەناوبران، کەهەموو مەزەندەکان وای بۆدەچن "١٠٠٠٠" دەهەزار کەس بووبن، لەشاڵاوێکی ترداو لەهەمان ئەوساڵانەدا نزیکەی "١٠٠" نووسەرو ڕووناکبیری کوردیان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەو بەدەست و پێبەستراوی لەدەریاچەی واندا خنکان و کۆمەڵکوژکرد، ئەمە ڕێک ئەو نمونەیەی کوشتن و لەناوبردنی زیاتر لە "٦٠" هونەرمەندو نووسەری جولەکەمان بیردەخاتەوە لەشاری "ئاوشوێتس" کەتەنیا لەبەر برینداربوونی سەربازێکی نازی ئەو کۆمەڵکوژییە ئەنجام دەدەن. لەشاڵاوێکی ترداو لەناوچەی "تاندریک"، "٤٠٠" گوندیان وێران کردو لەگەڵ خاک یەکسانیان کرد، لەپارێزگای وان "٨٢" گوندیان سووتان و وێرانکردو لەکۆی دانیشتوانی ئەو "٨٢" گوندە "٥٩٠" کەسیان کۆمەڵکوژکرد.

سەرچاوەکانی بەردەست لەرێگای بەڵگەنامەو زانیاری دانپیانراو، کەلەکتێبێکدا هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ئەم قۆناغەی جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆسایدی کورد لە باکوری کوردستان دەکەن. ئەم خشتەیەی خوارەوە کەتەنها ئاماری ١٩٢٥ تا ١٩٢٨ی وەرگرتووە و وەک بەشێک لە قوربانی و

زیانەکانی تاوان و سیاسەتی جینۆساید بڵاوی کردوەتەوە، کەژمارەی رووخاندن و وێرانکردنی ناوچە کوردنشینەکان وجینۆسایدکردنیان چەندن .

**ئەمەی بەردەست خشتەی ژمارەو زانیارییەکانە.**

**خشتەی ژمارە "١ "**

| ناوی ناوچە | ماڵی سووتاو | ژمارەی کوژراو |
|---|---|---|
| لیچە | ١١٦٤ | ٦٤١٣ |
| دارهینی | ٢١١٠ | ٩١٤ |
| ئەردۆشین | ١٤٥ | ٢٩٥ |
| جباقچور | ٥٧١ | ٢٦٠ |
| نسیبین | ٢٣٥ | ٥٤ |
| جباب | ٧٣٥ | ٩٠٢ |
| ئەلیان | ٧٩٠ | ١٣٧١ |
| مدیان | ٤٥٠ | ٦١٣ |
| باجەرین | ٥٦٣ | ١٠١٥ |
| کربوران | ١٠٩ | ٢٤٣ |
| دیاربکر | ١٣٨ | ١٧٦ |
| کنج | ١٢٣٣ | ١٥٢٩ |

بەوردبوونەوە لەم خشتەیەیی سەرەوە، بۆمان روون دەبێتەوە کە رژێمەکانی تورکیا، چۆن و بەچ میکانیزمێک سیاسەتی جینۆسایدی گەلی کوردی جێبەجێکردوە، تەنها لە "١٢" ناوچەی کورد نشین "٨٢٤٣" هەشت هەزارو دووسەدو چل و سێ ماڵی گووندنشینی کورد سوتێنراون و خاپور کراون، لەکۆی ئەو ماڵە سووتاو وێرانکراوانە، "١٣٧٨٨" سیانزە هەزارو حەوت سەدو هەشتاو هەشت کەس

جینۆسایدکراون، ئەگەر هیچ ژمارەیەکی تریش وەرنەگرین تەنها ئەو ژمارانەی سەرەوە بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کورد لەلایەن رژێمی تورکیاوە چۆن و بەچ شێوەیەک جینۆساید کراوە .

## کۆمەڵکوژی دۆڵی زیلان

دەوڵەتی تورکیا درێژایی مێژوو، بەشێوەیەکی سیستماتیک سیاسەتەی جینۆسایدی گەلی کوردی لە باکوری کوردستان جێبەجێکردوە. دۆڵی زیلان یەکێکە لەو وێستگانەی تر، کە دەرخەری راستێنەی تاوانەکانێتی. بۆ خستنە ڕووی ئەم لایەنە زۆربەی لێکۆڵەرو توێژەران دەگەڕێنەوە بۆ بڕیارێکی دەوڵەتی تورکیا لە ١-١-١٩٣٠، کە بریاری راگواستنی ناوچەو گوندەکانی سەربە دەرسێمی دەکرد .

بە پشت بەستن بە هەمان بریاری ئاماژەپێکراو، تەواوی موڵک و ماڵ و کەل و پەل و پێداویستیەکانی دانیشتوانە کوردەکان، دەستیان بەسەردا گیراوەو دەوڵەت و بەرپرسەکانی بۆ خۆیان بردوە. لە مانگی مایسی ١٩٣٠ دەوڵەتی ئێران رێگەی بە سوپای تورکیادا، کە مەسافەیەکی زۆر بەناو خاکی ئەودا بڕوات و پشتەوە لە شۆڕشگێرانی کورد بگرێت و هێرشیان بکاتە سەر، لەم هێرش و پەلامارانەی سوپای دەوڵەتی تورکیادا، خەڵکی مەدەنی و چەکدار کرابوونە ئامانج و هێرشیان کراوەتە سەر .

لێکۆڵەرو راپۆرتەکانیش، بە پشت بەسەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا، باس لەوە دەکەن لەم هێرش و پەلامارەدا زیاتر لە "٣٠٠٠" سێ هەزار هاولاتی کورد کوژراون، تەنها لەدۆڵی زیلاندا "١٥٥٠" کەس کۆمەڵکوژکراون، لەناوچەی ئەرجیش "٢٠٠" گوند وێران و خاپور کراون.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، جگە لە دەوڵەتی ئێران، عێراق و سوریاش هاوکاری سوپای تورکیایان کردووە لە ئەنجامدانی ئەم تاوانەدا، لە چوارچێوەی ئاسانکاری و کردنەوەی دەرفەت لەسەر خاکی خۆیان بۆ سوپای تورکیا. کەواتە جگە لە دەوڵەت و سوپای تورکیا، ئێران و عێراق و سوریاش بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن لەو تاوانە، چونکە هاریکاری دەوڵەتی تورکیا بوون لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا .

ئەم سیاسەتەی تورکیا، بەشێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک بەردەوامی دەبێت، تا دەگاتە تاوانی جینۆسایدی دەرسیم کە لەخوارەوە بەوردی باسی دەکەین، لەدوای دەرسیمیش دیسان بەردەوامی دەبێت، کە لەدوای بەشی جینۆسایدی دەرسیم ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین .

## جینۆسایدی دەرسیم

دەرسیم یەکێکە لەشارە گەورەکانی باکوری کوردستان، لەو بەشەی کەوتوەتە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا. لەساڵی ١٩٣٦ هێزە سەربازییەکانی تورکیا، بەسەرپەرشتی جەنارال "ئالب دۆغان" پاش بۆردومانکردن بەفرۆکە، دواتر بەتانک و زریپۆش و سوپایەکی گەورە پەلاماری شاری دەرسیمیاندا، سەرەڕای ئەوەی کوردەکان دەستی پەیامی ئاشتیخوازانەیان بۆ سوپای تورکیا درێژکرد، بەڵام سوپای کۆماری تورکیا ئەمەی قبوڵ نەکردو لەساڵی ١٩٣٧ یەکەمین کۆمەڵکوژی لەدژی کوردەکان ئەنجامدا.

هەروەک سەرچاوەکان باسی دەکەن، مستەفا کەماڵ نەتەوەی تورکی لەسەرووی هەموو نەتەوەو رەگەزو رەچەڵەکێک دادەناو بەردەوامیش ئەوەی گووتوەو دووپاتی کردوەتەوە" خوێنێکی پاک و خاوێن لە دەماری تورکاندایە"، ئەمەش ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ لەناودان و کۆمەڵکوژکردنی هەر نەتەوەو رگەزو رەچەڵەکێکی تری جیا لە تورک. وەک لەسەرچاوەکانیشدا دەیخوێنینەوەو "مونزور"یش ئاماژەی بۆ کردووە، دوای دەساڵ لەم قسانەی "مستەفا کەماڵ"، "هیتلەر" هەمان سیاسەت و بۆچوونی هەبوو، ئەوەی "مستەفا کەمال" وتبووی، "هیتلەر"یش لە بارەی ئەڵمانەکانەوە هەمان شتی دەگووت. ئەوەی موستەفا کەماڵ و دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد لە باکوری کوردستان لە "جینۆسایدکردن، سڕینەوەی کلتوورو شوناس، سووتاندنی خاک، بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان" لە ساڵەکانی ١٩٣٧، ١٩٣٨، ١٩٣٩و پێش ئەو ساڵانەش بەدیاریکراوی و وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد ئەنجامیدا. هیتلەرو دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی لە ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ لەدژی جولەکە ئەنجامیاندا، کە بە گەورەترین تاوانی جینۆساید لەسەرئاستی دنیا دادەنرێ، وەک جولەکە خۆیان دەڵێن "تاوانی شوا" واتا تاوانی گەورە. خۆ ئەگەر بمانەوێ نمونەی نزیکتریش بێنینەوەو بەراوردی بکەین بە بۆچوونەکانی "موستەفا کەماڵ" و دەوڵەتی تورکیاو کۆمەڵکوژی دەرسیم، ئەوە "مشیل ئەفلەق" وەک دامەزرێنەری بەعس و ماوەی حکومڕانیان لە عێراق و کاراکتەرەکانی بەتایبەت "سەدام"، و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکانی "بەرزانیەکان، کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال، جینۆسایدی قەڵادزێ، جینۆسایدی سەید سادق" و دەیان تاوانی تر، بەسن بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی فەلسەفەو پەیامی رەگەزپەرستی "موستەفا کەماڵ" و دەوڵەتی تورکیاو هاوشێوەکانیان تێبگەین .

## بۆچی دەرسیم؟

رژێمی تورکیا، دوای ئەوەی تەواوی شارەکانی باکوری کوردستانی خستە ژێردەسەڵات و هەژموونی خۆیەوە لەم چوارچێوەیەشدا پرۆسەی سەرکوتکاری فراوانی ئەنجامدا. یەکێک لەو شوێنە ستراتیژییانەی بوو بە ئامانجی دەوڵەتی تورکیا، شاری دەرسیم بوو. چونکە ئەم شارە شارێکی گرنگ و هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، هەروەها بەردەوامیش یەکێک بووە لە مەڵبەندەکانی شۆڕش و راپەڕین و بەرەنگاری و وەستانەوە بەدژی ستەم و تاوانکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا.

سەرچاوە مێژووییەکان بەم شێوەیە باسی هەڵکەوتەی جوگرافی و جیۆپۆلتیکی دەرسیم دەکات:"دەرسیمی رۆژئاوا-دەرسیمی رۆژهەڵات". دەرسیمی رۆژئاوا، لە مەڵبەندی "شاری هۆزات و شارەکانی چیمشکەزەک، پەرتەک، ئۆفاچک، کەماه" پێک دێت. دەرسیمی رۆژهەڵات، لە شارەکانی "مەزگەرت، کیفی، چارسنجاق، نەزمیە، ناوچەی پلومەر" پێکدێن. زۆربەی دانیشتوانی دەرسیم و شارەکانی سەربەیەکە ئیدارییەکەی، لە زازاو کرمانج پێکدێن و لە رووی ئاینیەوە سەر بەعەلەوییەکانن، واتا مەزهەبی شیعە، لەرووی نەتەوەیشەوە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردن.

بە پێی سەرژمێری فەرمی دەوڵەتی تورکیا ساڵی ١٩٢٧، ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم نزیکەی "٢٧٠" هەزارکەس بووە، هەروەک سەرچاوەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەم ژمارەیە تایبەت بووە بە شارەکانی "هۆزات، پەرتەک، چارسنجاق، مەزگەرت، نەزمیە، ئۆڤاجک، چیمشکەزەک"، چونکە بەدیاریکراوی نەتوانراوە سەرژمێری شاری دەرسیم بکرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دانیشتوانەکەی بەردەوام وڵامدەرەوەی دەوڵەتی تورکیاو سیاسەتە رەگەزپەرستەکانی بوون. بۆنمونە یەکێک لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا، ئەوەبوو بەردەوام لە رێگای تیمی فەرمانبەرەکانی بۆ سەرژمێری هەوڵی دەدا، ژمارەی تورک پێش ژمارەی کوردەکان بخات، ئەمەش دەبووە جێگای نارەزایەتی کوردو کۆتاییەکەشی بە بەریەک کەوتن دەشکایەوە.

کەواتە دەرسیم بەردەوام یەکێک بووە لە ئامانجەکانی سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی دەوڵەتی تورکیا، ئەمەشی بەشێوەیەکی کرداری و زۆر دڕندانە لە ساڵی ١٩٣٦و ١٩٣٧و ١٩٣٨ ئەنجامدا، کە لەخوارەوە بەوردی باسی لێوەدەکەین. پێش ئەو بەروارانەش بەردەوام دەرسیم کرابووە ئامانج و هێزی پەلاماردەری تورکیا تاوانی جۆراو جۆری لەدژی دانیشتوانەکەی ئەنجامداوە.

## چیرۆک و ژانی کۆمەڵکوژی دەرسیم

چیرۆکی کۆمەڵکوژیی دەرسیم، چیرۆک گەلێکی سەخت و پڕ ئێشن، تا هەنوکەش خوێن و ئازار لەم چیرۆکانە دەچۆڕێ، کاتێک مرۆڤ ئەم چیرۆکانە لە کتێبی "ئەمە لەدەرسیم روویدا- لەدەمی قوربانییەکانەوە" دەخوێنێتەوە، وشک دەبێ و ناتوانێ بڕوا بەوە بکات، ئەوانەی ئەنجامدەری تاوانەکە بوون، لە توخم و رەگەزی مرۆڤ بن، یان بڕوا بەوە دێنێ ئەوانەی بەسەرپەرشتی موستەفا کەماڵ و دەوڵەتی تورکیا تاوانەکەیان ئەنجامداوە، یەک تۆزقاڵ هەستی مرۆڤایەتیان تێدا نەبووەو بەتاڵ بوون لە مرۆڤ بوون. بیهێنە پێشچاوی خۆت" ژن، مناڵ، پیر، خەڵکی بێتاوان" بە نیزەی تفەنگ سکی هەڵبدڕرێ، دوای کوشتنی ئافرەت دەست درێژی سیکسی بکرێتەسەر، وەک دڕندەو سەگی هەوشار هەڵبکوترێتە سەر موڵک و ماڵی خەڵک، بۆ یاری کردن بە کەرامەتی مرۆڤ سەرو سمێڵی پیاوەکان و پرچی ئافرەتەکان بتاشرێ، و ئەمانەو دەیان رەفتاری تر لە دوو توێی ئەنجامدانی تاوانەکە، کە تا ئێستا لە یادەوەری بەشێک لە کەس و کاری قوربانییەکاندا، وەک خێو دێن و دەچن .

بۆ راستی و دروستی و سەلماندنی ئەو قسانەی سەرەوە، چەردەیەک لە قسەی شاهید حاڵەکان لێرەدا وەک خۆیان دادەنێینەوە، کە لەدوو توێی کتێبەکەدا تۆمارکراون .

جبرائیل حەمێ دولدی، دەڵێ: باوکم دەیگوت دوو بە دوو بەیەکەوەیان بەستینەوە، دەستم لەگەڵ دەستی براکەمەوە بەسترابوو.. مەستۆ لەبەر ئەوەی تورکی دەزانی لەدوای گشتەوە لەگەڵ سەربازەکان بوو، کەوتینەرێ، گەشتینە سەرکانییەک، ئەو سەربازەی بۆمان دەگریا نەیهێشت لەکانیەکە ئاو بخۆینەوە، ئێمە سەرمان لەمە سوڕما، بۆمان دەگرێ و ناهێڵێ ئاو بخۆینەوە!، تومەز سەربازەکە بە مستۆ دەڵێت: دەزانی لەبەرچی نەمهێشتن ئاو بخۆنەوە؟ حەزرەتی حوسێن لەکەربەلا بە تینوێتی شەهید کرا، ئاویش بخۆنەوە هەر دەتانکوژن. دەبا وەک حەزرەتی حوسێن شەهید بن کە نەیانهێشت ئاو بخواتەوە.. ئەوجا زانیمان سەربازەکە عەلەوییە ."

یەتەرە، ژنێکی دەرسیمیەو باسی ئەوە دەکات و دەڵێ" ژنێک هەبوو ناوی "کەو" بوو، ئەو دەیگێرایەوە " دەمەو عەسرانێک، هەندێکیان هاتنە ماڵی ئێمە "مەبەسی جەندرمەکانە"، من نانم دەکرد، هەندێک جەواڵیان لەبن دیوارەکە دانا، خوێنی لێدەچۆڕا.. بێ ئەوەی هەستی پێبکەن و پێی بزانن، چوین دەمی جەواڵەکانمان کردەوە، پڕی بوو لەسەری براوە..!! سەری قۆپۆو ژنەکەی و کچەکانی لەناو جەواڵێکدا بوون، کچەکان کەزی و قژە درێژەکانیان ئاڵۆسکابوو.. خوێناوی ببوون.. کە ئەوەمان بینی، خۆمان پێرانەگیراو دەستمان بەشیوەن کرد.. سەری قۆپۆو ژنەکەیان بڕیبوو، هاتبوون لە ماڵی ئێمە خزمەتیان بکەین و نان بخۆن!! ئێمە

لەو شیوەن و زارییەدا بووین، سەربازەکان هاتن، دەستیان بەقسەی ناشرین کرد.. سەری جەواڵەکانیان گرێدایەوە."

شاهید حاڵێکی تر باسی دیمەنێکی ترسناک دەکات و دەڵێ: چاوم لێبوو چۆن ناریکەو مناڵەکانیان کوشت.. بەنێزە "حەربە" کوشتنیان.. کە ئەوەم بینی ترسام و بەرخەکانم کۆکردەوەو گەڕامەوە".. هەروەها شاهێد حاڵێکی تر باسی دیمەنێکی تر دەکات و دەڵێ: لەولایانەوە لاشەی چەند کەسێکی تر کەوتبوون، بە سۆنگە سکیان هەڵتلیشابوو.. ئافرەتەکان بەدەشتەوە بوو، لاقەی کچی عازەبیان کردبوو، بەو خوێنەوە دیاربوو کە لەناو گەڵیدا ڕژابووە سەر خۆڵەکە"..! شاهێدحاڵێکی تر باسی ترسناکترین دیمەنی سووتاندن دەکات و دەڵێ: یەکێک ناوی یتەکاکا بوو، ئاگرێکیان هەڵایساندو بەچوار دەستە فڕێیان دایە ناو ئاگرەکەوە وەک گاڵتەپێکردن، لەناو ئاگرەکە گڕی گرت، لەحەژمەتا هەواڵی دەرچوونی دەدا.. بەدەم سووتانەوە دەگەوزایەوە، بەملاو بەولادا دەهات. بوە توپەڵێک ئاگری بڵێسەدارو تا کوڵ و کۆی دامرکاو بووە چنگێک خوڵە مێش."

نەوەی یەکێک لە خێزانی قوربانییەکانی تاوانی جینۆسایدی دەرسیم، لە زمانی دایکییەوە باسی دەکات و دەیگێڕێتەوە، بەم شێوەیە": چۆن سەیلێک دێت و هەرچی بکەوێتە بەردەمی دایەماڵێ و دەیبات، ئەوانیش ئاوا.. کەس نەیدەپرسی تۆچیت کردووە، یان گوناهت چیە؟ پیاوە ناودارەکانیان کۆکردەوەو بردنیان.. تۆفانەکە بردنی..گوناهی هەبووبێت یان نەبووبێت گرنگ نەبوو.. ئەوەی تووش بوو فەوتا، کوژرا.. بڕیار وابوو."

زەینەڵ، لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە تەمەنی "١٣" ساڵان بووەو زۆر بەباشی ڕووداوەکەی بیرەو دەڵێ": سەربازەکان لە ڕێگای موختارەکانەوە، خەبەریان بۆ ناردین: دەبێت گەورەو بچوکی حەیدەرییەکان خۆیان تەسلیم بکەن، ئەوەی لەدێکەدا بمێنێتەوە دەیکوژین.. ئەمجا، خۆیان هاتن و هەموومانیان کۆکردەوە، لە "گۆمێ مشێ" دارتوو هەبوو، هەموومانیان لەوێدا کۆکردەوە، خەڵکێکی زۆریان هێنابوو، دانیشتوانی "کورتە سوورە، گۆمێ مشێ، پورتک، وەلی کاسۆ"، هەموو لەوێدا کۆیان کردینەوە نزیکەی "٦٠٠ بۆ ٧٠٠" کەسێک دەبووین. تا ئەو کاتەش هیچ سۆراخی ئەو پیاوانە نەدەزانرا کە بۆ ئازووقەدان بردبونیان " پێش کۆکردنەوەی ئەمان کۆمەڵێکی تریان بە ناوی ئازووقە پێدان براون، مەبەستی ئەوانەیە"، دەمەو ئێوارە ئێمەیان بردە گووندی "ولێ پاخێ"، لە ڕێگاکە سەرەو ژوورێک هەیە، لەوێدا بەدزییەوە هەڵگژامە سەربەرزاییەکەو رامکرد.. سەربازەکان بینیمیان دەستیان بە تەقە کرد، بەڵام من خۆم رزگارکرد.. بۆ بەیانی ئەو هەموو مرۆڤانە لە دۆڵێکدا گوولە باران کرابوون، تومەز پیاوەکانیش کە بۆ ئازووقە هێنابوویان هەر لەوێدا کۆمەڵکوژکرابوون.. ئەو شوێنە کە کۆمەڵکوژییەکەی تیا ئەنجامدرا، دۆڵی "زوو خوری" ی

پێدەڵێن .

## ئامارەکانی جینۆسایدی دەرسیم

ژێدەرو ئامارو بەڵگەنامەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کەلەم کۆمەڵکوژییەدا، لەساڵی ١٩٣٧ "١٠" هەزارو "٧٣٧" و لەساڵی ١٩٣٨ "٦" هەزارو "٨٦٨" کەس بەهۆی کۆمەڵکوژی هێزەکانی تورکیا لەدژی کوردان گیانیان لەدەستداوەو کۆمەڵکوژ کراون. ئەم خشتانەی خوارەوە کۆمەڵێک زانیاری دروست و ڕوون، لەبارەی جینۆسایدی دەرسیم لەباکوری کوردستان دەخاتەڕوو.

**خشتەی ژمارە "٢"**

| ژ | ڕگەز | تەمەن | ژمارەی قوربانی | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٩ ساڵ | ٢٣٧ | ١٩٣٧ |
| ٢ | نێر | ١٠ بۆ ١٩ ساڵ | ١٠٨ | ١٩٣٧ |
| ٣ | نێر | ٢٠ بۆ ٢٩ساڵ | ٦٠ | ١٩٣٧ |
| ٤ | نێر | ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ | ٩٥ | ١٩٣٧ |
| ٥ | نێر | ٤٠ بۆ ٤٩ ساڵ | ١٠٢ | ١٩٣٧ |
| ٦ | نێر | ٥٠ بۆ ٥٩ ساڵ | ١٢٣ | ١٩٣٧ |
| ٧ | نێر | ٦٠ بۆ ٦٩ ساڵ | ٨٨ | ١٩٣٧ |
| ٨ | نێر | ٧٠ بەرەو سەرەوە | ٨٩ | ١٩٣٧ |

**لەساڵی ١٩٣٨ ئەو پیاوانەی لەدەرسیم کۆمەڵکوژکراون**

**خشتەی ژمارە "٣"**

| ژ | ڕەگەز | تەمەن | ژمارەی قوربانی | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٩ ساڵ | ٨٤٠ | ١٩٣٨ |
| ٢ | نێر | ١٠ بۆ ١٩ ساڵ | ٥٣٤ | ١٩٣٨ |
| ٣ | نێر | ٢٠ بۆ ٢٩ ساڵ | ٢٥٠ | ١٩٣٨ |
| ٤ | نێر | ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ | ٣٣٢ | ١٩٣٨ |
| ٥ | نێر | ٤٠ بۆ ٤٩ ساڵ | ٤١٩ | ١٩٣٨ |
| ٦ | نێر | ٥٠ بۆ٥٩ ساڵ | ٣٨٢ | ١٩٣٨ |
| ٧ | نێر | ٦٠ بۆ ٦٩ ساڵ | ٢٨٤ | ١٩٣٨ |
| ٨ | نێر | ٧٠ ساڵ بەرەو ژوور | ٣٩٣ | ١٩٣٨ |

**لەساڵی ١٩٣٧ ئەو ژنانەی لەدەرسیم کۆمەڵکوژ کراون**

**خشتەی ژمارە "٤"**

| ژ | رەگەز | تەمەن | ژمارەی قوربانی | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مێ | ٩ساڵ | ٢٢٦ | ١٩٣٧ |
| ٢ | مێ | ١٠ بۆ ١٩ ساڵ | ١٣٧ | ١٩٣٧ |
| ٣ | مێ | ٢٠ بۆ ٢٩ ساڵ | ٦٣ | ١٩٣٧ |
| ٤ | مێ | ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ | ١٠٩ | ١٩٣٧ |
| ٥ | مێ | ٤٠ بۆ ٤٩ ساڵ | ٩٢ | ١٩٣٧ |
| ٦ | مێ | ٥٠ بۆ٥٩ ساڵ | ٩١ | ١٩٣٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | مێ | ٦٠ بۆ ٦٩ ساڵ | ٦٥ | ١٩٣٧ |
| ٨ | مێ | ٧٠ ساڵ بەرەو ژوور | ٧١ | ١٩٣٧ |

**لەساڵی ١٩٣٨ ئەو ژنانەی لەدەرسیم کۆمەڵکوژکراون**

**خشتەی ژمارە "٥"**

| ژ | رەگەز | تەمەن | ژمارەی قوربانی | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مێ | ٩ ساڵ | ٧٠٧ | ١٩٣٨ |
| ٢ | مێ | ١٠ بۆ ١٩ ساڵ | ٧٢٩ | ١٩٣٨ |
| ٣ | مێ | ٢٠ بۆ ٢٩ ساڵ | ٣٥٤ | ١٩٣٨ |
| ٤ | مێ | ٣٠ بۆ ٣٩ ساڵ | ٤٢١ | ١٩٣٨ |
| ٥ | مێ | ٤٠ بۆ ٤٩ ساڵ | ٣٨٧ | ١٩٣٨ |
| ٦ | مێ | ٥٠ بۆ٥٩ ساڵ | ٣٢٩ | ١٩٣٨ |
| ٧ | مێ | ٦٠ بۆ ٦٩ ساڵ | ٢٢٨ | ١٩٣٨ |
| ٨ | مێ | ٧٠ ساڵ بەرەو ژوور | ٢٥٨ | ١٩٣٨ |

ئەمە جگەلە چەندین کۆمەڵکوژی تر کەدژبەگەلی کورد لەسەرخاک و زێدی خۆی، بەدرێژایی مێژووی حکومڕانی لەتورکیا ئەنجامدراوەو ئەو کۆمەڵکوژییانە لەشێوازی جیاجیا بەردەوامییان هەیە. ئەوەی سەرەوە تەنها یەکێکە لەنمونە سەلمێنراوەکان و بەس .

## سەید ڕەزا نمونەی باڵا لەکوردبوون

دەرسیم لە باکوری کوردستان، هەمیشە مەڵبەندی سەرهەڵدانی شۆڕش و بەرخودان بووە، مێژووییەکی گەورەی لە ڕووبەڕووبونەوەی ستەمکاری و تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیاو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیەکانی بووە. سەید ڕەزا، کە کەسایەتیەکی بەهێزو خاوەن لایەنگرو هەوادارێکی زۆربووە، لە شۆڕشی ١٩٣٧ی دەرسیمدا سەرکردایەتی تەواوی شۆڕشەکەی دەکرد، لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی تورکیا کردبووی بە ئامانجی سەرەکی بۆ لەناوبردن.

ساڵی ١٩٣٧ەوە، سەید ڕەزا خۆی لەناو کانگای شەڕگەی ڕووبەڕووبونەوەیە بە ڕووی ستەمکاریدا، سوپای تورکیا ئاگری لەدارو پەردووی دەرسیم و دەوروبەری داوە. یەکێک لەسەرچاوەکان بەوردی باسی ئەوەدەکات، کاتێک یەکێک لەکوڕەکانی سەید ڕەزا بریندار دەبێت. شەوکەتی سەرۆکی هەواڵگری سوپای تورکیا بەم ڕووداوە دەزانێ و کەسێک دەنێرێتە لای هاوسەری یەکەمی سەید ڕەزا، ئەگەر ڕێگا بدا ئەوا ئەو دەیەوێ بیبینێ، ئەویش دەرفەت دەداو لەبەرامبەریشدا شەوکەت هاوسەرەکەی سەید ڕەزا لەخشتە دەبا، حوسێنی سەید ڕەزا لەگەڵ خۆی بەناوی تیمارکردنەوە دەباو دەکەونە ئازاردانی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، بێگومان ئەمە بۆ سەید ڕەزا ساتەوەختێکی زۆر دڵڕەق بووە، لەلایەک ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی سوپای داگیرکاری تورکیاو لەولاشەوە یەکێک لە کوڕەکانی بەبرینداری کەوتوەتە دەستی جەلادەکانی سوپای تورکیا .

لەولاشەوە هەمان سوپای داگیرکاری تورکیا، بەشی بەرچاوی چیاکانی دەوروبەری دەرسیمی کۆنترۆڵ کردبوو، ئەو کەسانەشی کەوتبووە بەردەستی، گەورەو بچوک، ژن و پیاو، پیرو پەککەوتە بەتەواوی کۆمەڵکوژکرد. هاوزەمان ئەو خەڵکەشی کە لەناو دامێن و ئەشکەوتی چیاکاندا لەترسی مەرگ خۆیان حەشاردابوو، سوپای تورکیا بە شێوەیەکی زۆر وەحشیگەریانە دەرگای ئەشکەوتەکانی چیمەنتۆڕێژکردو دوای ئەوەش ئاگری گەورەیان لەبەردەم ئەشکەوتەکان دەکردەوەو زۆربەی خەڵکەکە بەزیندوویی دەخنکان، ئەوەشی هەوڵی خۆرزگارکردنی بدایە یان لەبەر دووکەڵ بهاتایەتە دەرەوە، بە نێزەو قەمەو حەربە سکیان دەدڕین و دەیانکوشتن .

سەید ڕەزا، ئەوەی زانیبوو کە دۆخەکە زۆر ترسناکە ، بەهەڵمەتێکی گەورەی شێرانە چوارچێوەی گەمارۆکەی سەر خۆی و هێزەکەی دەشکێنێ و دەگەڕێتەوە ناوچەی ئۆڤاجک. بەڵام ئەم سەرکەوتنە زۆر بە قورسی لەسەر خۆی و هێزەکەی دەکەوێ، چونکە لەم جەنگەدا کە پێی دەڵێن جەنگی "کۆزلوجە"،

هاوسەرە بچوکەکەی لەگەڵ حەسەنی کوڕی و سێ کوڕەزایی و نزیکەی هەزار جەنگاوەری بوونە قوربانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی .

وەرزی زستان تەنگ بە جەنگاوەرە کوردەکان هەڵدەچنێ، هێزی فاشی و پەلاماردەری تورکیاش بەو دۆخەوە نەیدەتوانی درێژە بە شەڕبدات، بۆیە سەرلەشکری تورکیا کە شارەزایەکی باشی لە فێڵ و تەڵەکە هەبوو، بیری کردەوە ئاگربەست سودێکی زۆری دەبێت بۆیان، بەم شێوەیە لە ڕێگای پارێزگاری ئەرزینجانەوە پەیامێک ئاراستەی سەید ڕەزا دەکات و خودی پارێزگار دەنێرێتە لای، کە ئەوکات "سەید ڕەزا" لە چیاکانی مونزور لە سەنگەردا بوون. بەڵێنی پێدابوون کە تەواوی داخوازییەکانی دەرسیمیەکان جێبەجێدەکات و هەر لە ئێستاشەوە فەرمانی ئاگربەستی داوە. هەروەها وتبووشی دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە قەرەبووی هەموو تاوانانە بدات کە دەرهەقی خەڵکەکەکە کردوونی .

بەم شێوەیە لە ڕۆژی ٥ی ئەیلولی ١٩٣٧، لەسەر ناوبژی پارێزگاری ئەرزینجان و بەڵێنەکەی سەرلەشکری تورکیا، سەید ڕەزا دەچێتە ئەرزینجان و راستەوخۆ دەستبەسەری دەکەن. کاتێک بەدەسبەسەری دەیبەنە دەرێ، تەنها ئەوەندەی وتبوو:" ڕژێمی درۆزنی بێشەرەف". لەوێشەوە ڕەوانەی ئەلازیز کراو درایە دادگای سەربازی جەنگ و لەلێکۆڵینەوەو پرسیاردا گوتبووی": لە پێناوی مافی نیشتماندا تێکۆشاوەو هەر کارێکی کردبێ ڕێککەوتووە لەگەڵ دەنگدانەوەی هەستی دەروونی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەیی و سەربەخۆیی وڵات و بەدەرلەمە هیچ هیوایەکی دیکەشی نەبووە .

وتووشیەتی زۆر بەسەربەرزی دەزانێ، لەپاش تەمەنی هەفتاساڵی لە ڕێگای ئازادی نیشتماندا خوێنی خۆی ببەخشێ و زۆر لەسەرخۆو بەبێ تێکچوون ئەوقسانەی کردوە .

لە ڕۆژی ١٨ی تەشرینی ١٩٣٧ سەید ڕەزاو کۆمەڵێک لە هاوەڵەکانی و کوڕێکی بەبڕیاری دادگا، لە سێدارەدران. لەساتەوەختی پێش سێپای لەسێدارەدان بە دەنگی بەرز سەید ڕەزا دەڵێ": لە تەمەنی هەفتاو پێنج ساڵیم خوێنم دەبەخشم و بەخوێن بەخشەکانی کورد شاد دەبم". حوسێنی کوڕی کە لەگەڵ خۆی لەسێدارە درا، ئەویش پێی دەڵێ": بابە نەتەوەی کورد خۆشبێ ."

وەک ڕایەکی تایبەتی، پێم وایە لەسێدارەدانی سەید ڕەزاو هاوڕێکانی لەلایەن دەوڵەتی تورکیا، دەقاو دەق لەچوارچێوەی تاوانی جینۆسایدی گەلی کوردە لە باکوری کوردستان، چونکە ئەو لەبەر کوردبوون و

رووبەڕوو، بەڕووبوونەوەی سیاسەتی ستەمکاری و جینۆساید لەگەڵ هاوڕێکانی و هەزاران هاوڵاتی کوردی تر، گیانیان بەخشی و بوون بە قوربانی .

## هاوارنامە

لە ٢ ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٧، بەناوی خێڵەکانی دەرسیم نامەیەک ئاراستەی نوسینگەی گشتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، تایبەت دۆخی دەرسیم و تاوانەکانی دەوڵەت لەدژی دانیشتوانەکەی کراوە. سەرەتای نامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:" رژێمی تورکیا "١٥" ساڵ دەبێ لە هەموو کوردستاندا سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەی کورد جێبەجێدەکات، بەتایبەتی دووساڵێکە لەدژی ناوچەی ئێمە کە دەرسیمی پێدەڵێن، زۆر بەتووندی دەستی پێکردووە."

دیارە پێش ئەم نامەیەش نامەو روونکردنەوەی تریان ئاراستەکردوون، بۆیە لە پەرەگرافی دووەمی نامەکەدا دەنووسن:" هەروەک لە پێشدا بۆمان روونکردنەوە، ئێستاکەش بەناچاری پێتان رادەگەیەنین، چونکە لە بارەی مرۆڤایەتی و شارستانیەتەوە کۆمەڵەی ئێوە بەرزترین دادگایە، کورد لە ڕووی": زمان، ئاین، رەگەز، مێژوو، زانست و شارستانیەتەوە"، جیاوازی زۆری لەگەڵ تورکاندا هەیەو چەند چەرخ پێش لە پێش تورکان لە نیشتمانی خۆیدا "کوردستان" ژیاوە، ئێستا تورکەکان دەیانەوێ لەناویان ببەن، یان لە کوردستان دەریان بکەن .

لەبەشێکی تری نامەکەدا هاتوە:" رژێمی تورکیا، ئەو تاوانانەی کەتا ئێستا لەمێژووی نەتەوەکانی جیهاندا تۆمار نەکراوە، بە پێش چاوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەناوی شارستانیەتەوە ئەنجامیداوە. نەتەوەی کورد لەسەرخاکی وڵاتی خۆی ژیاوەو زمان و ژیان و پیشەی خۆی پاراستووە، لەبەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆی نەبێ، هیچ نیازێکی دیکەی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا "ژن و پیاو، گەنج و پیر، کوڕو کچی" بووەتە قوربانی سیاسەتی تورکان.

لەبەشێکی تری نامەکەدا، لە شەش خاڵ پۆلینی تاوان و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

یەکەم: قوتابخانەی کوردی نییە، خوێندن و نوسین و گفتوگۆکردن بەزمانی کوردی، بەتەواوی قەدەغەیە .

دووەم: منالّی کورد، بەزمانی تورکیش بێ، ڕێگای پێنادرێ لەسەرەتایی بەسەرەوە زیاتر بخوێنن.

سێیەم: یاسای تایبەتی دانراوە، بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەفسەری کورد لەناو لەشکری تورکیا پێبگات.

چوارەم: یاسای وارێکخراوە، کەهیچ فەرمانبەرێکی کورد لەناوچەکانی کوردستاندا دانەمەزرێن، هەتا ئەگەربێت و فەرمانبەری ئاسایی بێت.

پێنجەم: لابردن و دەرهێنانی وشەی "کوردو کوردستان" لەنوسراوە زانستی و جواگرافی و مێژوویەکاندا.

شەشەم: بەزەبری قامچی، کار بەهەندێک کچ و ئافرەتی کورد بۆ دروستکردنی بنکەی سەربازی دەکەن.

لەنامەکەدا ئەوەش روونکراوەتەوە کە :" بیجگە لەوەش ماڵ و سامانیان لە کوردان زەوتکردووەو پێنج پێنج و دە دەو چین چین رەوانەیان دەکەنە ناو تورکان، بەمەرجێک نابێ کورد لە ٥%ی ڕێژەی دانیشتوانی تورکیا پێک بێنێ لە هەر شوێن و جێگایەکدا. هەروەها چەندین کچ و ئافرەتی کوردیان لە خێزانی خۆیان جودا کردوەتەوەو بە شێوەی ژنی "نافەرمی"، لە ماڵە تورکەکان داندراون، هەندێکی تریش لە کوردان بە زۆر کراون بە تورک، یان بەرێگای جۆراو جۆر لەناویان بردون. ئیتر ئەو هەموو تاوانانەی لەدژی کوردان کراون، ناوی شارستانێتی بەسەردا براوە ."

لە پەرەگرافێکی تری نامەکەدا دەڵێن:" لەتورکیادا، لەنزمترینەوە تا بەرزترین فەرمانبەر لەژێر دەسڵاتی سەربازیدان، لەدادگاکاندا بەبێ لێکۆڵینەوە، ئیستئناف یان تەمیز، لەلایەن ئەفسەرانەوە بڕیاردەدرێ، ئەو دادگایانە وەک مێگەڵ کوردان ڕادەپێچن و بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکەن ."

لە پەرەگرافی پێش کۆتایی هاوارنامەکەدا، داوا دەکەن :" هیوامان وایە کە ڕێکخراوی ئێوە هیچ کاتێک خۆی بەبێگانە نیشان نەدا، سەبارەت بەمافی مرۆڤایەتی و سیاسی نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەراستی ئاگاداری تاوانەکانی ڕژێمی تورکیا بێت، پێویستە لەئاستی نەتەوەی کورد چارەیەک بدۆزێتەوە ."

## جینۆسایدی دەرسیم وحکومەت

رای جۆراوجۆر لەبارەی تاوانی جینۆسایدی دەرسیمەوە هەیە، کوردو بەشێک لەدۆستەکانی بە پشت بەستن لە جۆری تاوانەکەو یاساو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی لە دەرسیم دژی کورد کراوە، بەهەموو پێوەرو لێکدانەوەیەک تاوانی جینۆسایدە. لەناو تورکەکانیشدا دیارترین بۆچوون لێکدانەوەکانی "ئیسماعیل بێشکچی"یە، کە پێی وایە تاوانەکانی حکومەتی تورکیا لەدژی دەرسیم و دانیشتوانەکەی کە کوردن، تاوانی جینۆسایدە. بەڵام لەبەرامبەردا ئەو رێ و شوێنانەی حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن و تەنانەت یاسادانانیش لەتورکیا گرتویانەتەبەر، وای وێنا دەکەن ئەوە کراوەو ئەنجام دراوە تاوانی جینۆساید نین، بەڵکو لێپرسینەوەی پێویست بوون و دەبوایە بکرایە، لەکاتێکا هێرش و پەلامارو کوشتاری دەرسیمییەکان دژی کوردبوون و سڕینەوەی کلتوورو زمان و ناسنامە بووە.

بێگومان ئەم گفتوگۆیە، لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی دەرسیم ١٩٣٧ تا ئێستا بەردەوامی هەیەو بەڵگەکانیش تادێ زیاتر دەبن و زۆرجاریش سیاسیەکانی تورکیا لەکێ بەرکێ و ململانێکانی نێوانیاندا وەک کارت لەدژی یەکتر بەکاری دێنن، بەڵام لە کرۆکدا ناچنە سەر بابەتەکەو بەپاساوی جیاجیا خۆیانی لێدەبوێرن، بۆیە هێشتا دۆسیەی تاوانەکە بەفەرمی لەلایەن هیچ حکومەتێک لە حکومەتەکانی تورکیا لەدوای تاوانەکەوە تا ئێستا بەفەرمی وەک جینۆساید نەیانناساندووە.

بۆ نمونە لە مانگی مارسی ٢٠١١، دادگای تورکیا ئەوەی بەرِوونی وت کەنابێت ئەوەی لەدەرسیم روویدا وەک تاوانی جینۆساید پێناسە بکرێ، چونکە بەبڕوای دادگا ئەوە ئاراستەکراوێکی سیستماتیک نەبووە بۆ گروپێکی ئەتنیکی دیاریکراو، دیارە ئەم بۆچونەی دادگای تورکیا سەرچاوەی ئەو فەلسەفەو سیاسەتە رەگەزپەرستیەیە کە بەدرێژایی مێژوو تورکیا لەدژی کوردو گروپە ئەتنیکیەکانی تر گرتویەتیە بەر.

سەرنج بدە لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١١، ئەوکاتەی ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، هەرلەم کاتەدا لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری لەململانێیەکی تووندا بوو، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونیدا بەئاشکرا ئەوەی وت، کە ئەوەی روویداوە یەکێکە لە رووداوە تراژیدیەکان و بەرپرسیارێتیەکەشی خستە ئەستۆی دامەزرێنەری پارتی گەلی کۆماری "مستەفا کەمال ئەتاتورک" و ئەمەشی وەک پەیامێک ئاراستەی "کەمال کلیشدار ئۆغلۆ" کرد.

ئەگەرچی ئەوکاتە میدیای تورکی و تەنانەت میدیای جیهانی لێدوانەکەی "ئەردۆگان"یان بەسەرەتایەکی ئەرێنی بۆ لێبوردنی دەوڵەتی تورکیا بە شێوەیەکی فەرمی نەک زارەکی تەنیا لەئاستی سەرۆک وەزیران وەسف کرد، بەڵام راستیەکەی ئەوەبوو "ئەردۆگان" ئەمەی تەنیا وەک کارتێک لەدژی نەیارەکانی و هاوکات بۆ وروژاندنی رای گشتی لەدژیان بەکارهێنا، نەک ئەوەی لەبنەمادا باوەڕی بەوە هەبوبێت کە ئەوەی لەدەرسیم روویداوەو کراوە تاوانی جینۆسایدە. سەلمێنراوترین بەڵگەی بەردەستیش ئەوەیە کە کاتێک پایەکانی دەسڵاتی ئەردۆگان بەهێزبوو، بە ئێستاشەوە بەردەوام تاوانی جۆراو جۆر لە دژی باکوری کوردستان و دانیشتوانەکەی ئەنجامدەدا، کە ئەمەش هیچی کەمتر نیە لە تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژی مرۆیی.

راستیەکەشی ئەوەیە، دەبێت حکومەتی تورکیا نەک تەنیا کەس، لەبەرامبەر تاوانی جینۆساید لە باکوری کوردستان بەگشتی و جینۆسایدی دەرسیم و تەواوی تاوانەکانی تر بۆ نمونە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانی، بەفەرمی داوای لێبوردن بکات، تا ئەمەش نەکات ناتوانرێ هیچ جۆرە دڵنیاییەک بدرێ، کە تاوانی جینۆساید لەتورکیا دووبارە نابێتەوە.

## بۆچون لەبارەی کۆمەڵکوژی دەرسیمەوە

ساڵی ٢٠١٢ پێنجەمین کۆنفرانسی ساڵانەی تایبەت بە جینۆسایدی دەرسیم لە پەرلەمانی بەلجیکا سازکرا، لەم کۆنفرانسەدا، چەندین شارەزاو یاساناس و نوێنەری پەرلەمان و رۆشنبیرو رۆژنامەنووس بەشدارییان کرد. ئێمە کە دۆسییەی کۆنفرانسەکەمان دیتەوەو خوێندمانەوە، لەگەڵ ئەوەش سەرقاڵی ئەم کارەی بەردەست بووین، بەباشمان زانی پوختەی بەشێک لەبیروبۆچونەکان لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا جێبکەینەوە، چونکە سەرنج و بۆچونەکان زۆر پێویست و گرنگن بۆ شارەزابوون و ناساندنی تاوانەکە بەدنیای دەرەوە.

یورگن کلووت نوێنەری فراکسیۆنی چەپی یەکگرتوو لە پارلەمانی ئەورووپا": سەبارەت کۆمەڵکوژی دەرسیم ئێمە دەزانین سەرۆک وەزیری تورکیا بە ناوی دەوڵەت داوای لێبوردنی کرد، بەڵام ئەوە جیایە لەبەفەرمی ناسینی ئەو کۆمەڵکوژییە، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا تائێستا بەردەوامن، جموجووڵی سەربازی بەردەوامە."

ئەدیبە شاهین": ئێمە ئەوەی ئێستاش بەسەرمان دێ، ڕیشەی لە ڕابردوو ئاو دەخواتەوە. دوای ئەوەی سەرۆک وەزیر بە ڕاشکاوی باسی قەتڵ و عامی دەرسیمی کرد، ئیدی باسی ئەوکوشتارە زیاتر هاتووەتە نێوانەوە. زۆر لەوانەی لە بنەماڵەی خۆیاندا ئەو تاوانەیان ئەزمون کردووە لێی دەدوێن. لە دوای قەتڵ و عامی دەرسیم وەک دەزانین بەرنامەی بە زۆر مل پێدانان یان سڕینەوەی کولتووری بەڕێوەچووە"

حەیدەر ئیشک": لە مێژووی تورکیادا تاوانی دەرسیم جێنۆسایدە دژ بەگەلی کورد کراوە. ڕاستی ئەوەیە ئەو قەتڵ و عامە بە فەرمانی ئاتاتورک و بە دەستی فەرماندە ناوچەییەکانی تورکیا بەڕێوەچوو. ئێستا ئێمە داوا دەکەین دەوڵەت لە گەڵ ئەو ڕابردووەی خۆی ڕووبەڕوو بێ و پێ لە سووچ و تاوانەکانی بنێ، من لە منداڵییەوە لە زمانی دایکی خۆم بێبەش کراوم، ناتوانم بە کوردی بنووسم. کوردان یەکێک لە گەلە هەرە کۆنەکانن. ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە تورکەکان لەو ئاوو خاکەدا ژیاون. ئێستا زازاکی لە مەترسی لە ناوچووندایە. لە ساڵانی ١٩٣٠ یەکاندا بەسەریەکەوە ٧٠٠٠٠ کەس کووژراون. کار بەدەستێکی تورک کە سەردەمێک وەزیری دەرەوە بووە باسی کردووە کە چۆن گازیان بە ئەشکەوتان کردووەو ئینسانیان وەک مشک قڕ کردووە"

مونزوور چەم": ئێمە ساڵانی زوو دەستمانکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک لە سەر دەرسیم. هەڕەشەیان لێدەکردین دەیانگوت لەبەر ئەوشتانەی دەینووسن هەر ئەوە چاوەڕوانتان دەکا کە بە سەر وەچەی پێشووتاندا هات. ئێمە لەگەڵ نەوەی سەید ڕەزا دەدواین و باوەڕمان بەوە هەبوو ڕۆژێک دێ ئەوانەی ئەوو هاوڕێیانی ئەوییان کوشت بهێندرێنە بەردەم دادگای مێژوو. ئەوەی لە دەرسیم ڕوویدا شتێکی نەخشە بۆ دارێژراو بوو. بە دوای قەتڵ و عامی دەرسیم دا لۆگۆی یەک لە ڕۆژنامەکان بوو بە " تورکییە تورکلارن دیر" واتا تورکیا هی تورکەکانە. ئەوە بەڕاشکاوی دەرخەری بیری ناسیۆنالیستی تورکە. بەلەبەرچاو گرتنی کردەوەکانی دەوڵەت، وەک یاسای دامەزراندن (ئیسکان)، یاسای تونجەلی دەردەکەوێ ئەو کوشتارانەی لە کوردان کران بە پلان بوون. بۆ وێنە سەید ڕەزا باوەڕی بە " ئاشتی" هێنا خۆی ڕادەست کردو کوشتیان، بەڵام ساڵێک دوای ئەوە کوشتاری گەورەتر کرا. تەنانەت لەو عەشیرەتانەش کە بێلایەن بوون".

دوکتور بەرات ئۆیزئیپەک: " ئەمن کوڕی بنەماڵەیەکی تورکی سوننیم. لە پەروەردەی ڕەسمی دا وا تێدەگەیێندراین دەوڵەت بۆ نەهێشتنی خراپە زۆر شتی کردووە. ئێمە زۆر درەنگ زانیمان، زۆر درەنگ بیستمان ئەوانە قەتڵ و عام کران .

مارتین ڤان براونێسن: " زۆر بەڵگەی ئاشکرا لە سەر دەرسیم هەن کە ئێمە دڵنیا دەکەن ئەو توندوتیژی و زەبرو زەنگە ڕەهەندی زۆر قووڵ و بەربڵاوی هەبووە. زۆر عەشیرەت بەتەواوی ڕیشەکێش کراون. لە کتێبە مێژووییە ڕەسمییەکاندا هیچ باسی ئەوە ناخوێنیینەوە سەبارەت بە دەوری دەرسیم لە بزووتنەوەی کوردیدا. دوو کەس کە خەڵکی دەرسیم بوون دوکتور نووری دەرسیمی و دوکتور شوان لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە باسی دەرسیم دەکەن، باسی ئەو تاوانەی دەوڵەت لە دەرسیم کردی دەکەن. هەر وەک ئەوەی هۆڵەندییەکانی هاونیشتمانی من لە ئاچێ لە ئەندۆنێزی کردیان. لە تورکیا یەکەم کەس کە کوشتاری دەرسیم وەک جێنۆساید دەناسێنێ ئیسماعیل بێشکچی یە کە لە ساڵی ١٩٧٧ ئەوەی نووسی. لە دوای خۆ ڕادەستکردنی سەید ڕەزاش زەبرو زەنگی سەرەکی لە ساڵی ١٩٣٨ دەستی پێکرد. چەند عەشیرەت کە هاوکارییان لەگەڵ دەوڵەت کردبوو تەنانەت منداڵەکانیشیان کوژران .

ئەرداڵ دۆغان:" کاتێک باسی دەرسیم دەکەین هەمیشە تێوەگلانی بەڕێز "موێنش"م سەبارەت بەو دۆزە وەبیر دێتەوە. دەزانین هێشتا تاوانی ١٩٣٨ کۆتایی نەهاتووە، دەبێ داخوازییەکان سەبارەت بە دەرسیم چڕتر بکرێنەوە.

ئەدیب یووکسەل": تەنیا قانونێکی بنچینەیی لە دنیادا کە زمانی تێدا قەدەغە کرابێ، قانوونی بنچینەیی تورکیایە. براکەی منیان لە پێش چاوم کوشت، ٤ ساڵان لە زینداندا ڕایان گرتم، منێکی کە تەنانەت زلەم لە تورکێکیش نەداوە. من دەمەوێ خۆم خۆم داگایی بکەم، لە دنیادا قانونی زۆر جوان هەن بەڵام جێبەجێکردنیان نیە."

پرۆفێسۆر ڕۆناڵد موێنش": من لە بەرلین داوام کرد دەبێ دادگایەک پێک بێ لە تورکیا لە سەردەرسیم، بەڵام هیچ ڕووی نەدا. توندوتیژی لە سەرکوردەکان زیاتر بووە. تورکیا لەشەڕ دژی کوردەکاندا فڕۆکەی "درۆن"ی بێ سەرنشین بەکار دەهێنێ. ٧ پەیماننامەی نێونەتەوەیی هەن کە تورکیا ئیمزای کردوون، بەڵام نێوەڕۆکی زۆر لەو پەیماننامانە پێشێل دەکا. تورکیا بە دووی ئەوەدایە خەلافەتێکی نوێ دامەزرێنێ و ببێتە ڕێبەری موسوڵمانان. دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپاش، بەڵام لە پێشدا دەبێ شەرت ومەرجی ئەو ئەندامەتییە لەخۆیدا پێک بهێنێ. هەتا ئێستاش سیاسەتی لە نێوبردنی کورد بەردەوامە. دەرسیم نرخی ڕەمزیی بۆ کورد زۆرە. ئەم پارلەمانە دەبێ بجووڵێ و لە قەدەر خۆی کارێکی ئەوتۆ بکا تاوانی دەرسیم دووپاتە نەبێتەوە.

دوکتور باری فیشر": لە سالی ٢٠٠٨ کە من باسی ئاتاتورکم لە پێوەندی لەگەڵ تاوانی دەرسیم هێنایە گۆڕێ، لە تورکیا دۆسیەیان بەدژی من کردەوە، ئەوە دەکرێ ٦ ساڵ زیندانی بەدواوە بێ. من زۆر جار

هەڕەشەم لێکراوە، بەڵام پۆلیس پێی ڕاگەیاندم مەترسێکی ڕاستەوخۆم لە سەرنییە. بۆ تێگەیشتنی دەرسیم من ئاماژە دەکەم بە سێ برگە لە ساڵی ١٩١٥ کۆمەڵکوژی هەرمەنییەکان، بەر لە ساڵی ١٩٢٣ و ئیمزای پەیماننامەی لۆزان لەوساڵە داو لە ساڵی ١٩٢٤ پەسندکردنی " قانونی چاکەسازی ڕۆژهەڵات" زۆر جار گوتراوە ئەو بەربەستانە سەرکەتوو نەبوون، کوردەکان ئاشناییەکی تازەیان پەیدا کرد، ئەو پێشکەوتنە گرنگە. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا زۆر بڤەو تابوو شکاون. دەرسیم ڕێنێسانسێکە لەمەڕکوردبوون. "قانونی تونجەلی" کە دوای جێنۆسایدی دەرسیم دەرکەوت بووە هۆکاری بەزەبروزەنگتربوونی کەماڵیستەکان. من لە قسەکانی کە دەزگای تورکیا بە دژی من ووروژاندیان، بە ڕاشکاوی باسی بەرپرسیارێتی شەخسی ئاتاتورکم کرد لەو تاوانەدا، ئەوە تاوانکارییەک بوو بە دژی ئینسانییەت، ئەوەی لە دەرسیم کرا. ئێستا دەبێ گفتوگۆیەک دەست پێبکا بۆ وێنە بە سازکردنی دادگایەک."

گوڵتان کشاناک: دەرسیمیەکان هەم سوننی نەبوون و هەم تورکیش نەبوون. بۆیە نێولێنانی تاوانی دەرسیم وەک کۆمەڵکوژی ئاسانە. هەتا بەتەواوی لە بن و بنچینەی نەکۆڵدرێتەوە شتەکان بە باشی نازانین. بەوەی کە چەند کەس کوژراون و چەندکەس چەکداربوون، بارودۆخی تاوانی دەرسیممان بۆ ڕوون نابێتەوە. دەبێ باسی ئەو شێواندن و تێکدانەش بکرێ کە دەوڵەت کردی، بە تایبەتی دژی ئەوانەی سوننی نەبوون. دەبێ لەوەش بکۆڵدرێتەوە ئەوشتانەی دوای ئەو تاوانە قەومان چی بوون .

سەباحەت تونجەل: ئێمە دوو مێژوومان ئەزموون کردووە، یەک ئەوەی لە خوێندنگاکاندا پێیان گوتووین و مێژوویەکیش کە تێیدا ژیاوین، ئەوانەی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە لە هەموو دنیادا، هەوڵ دەدەن بەردەوام بن لە سەرئەوەی لە ڕابردوودا کردوویانە، بە ڕایەڵکردنی پردێک لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستا. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دەبێ کارلەسەر مەسەلەی دەرسیم بکرێ. بەڵام هەتامەسەلەی کورد جێ بەجێ نەبێ، ناڕوونییەکانی لەمەڕ تاوانی دەرسیمیش ڕوون نابێتەوە".

## جینۆسایدی دوای دەرسیم؟

جینۆسایدی دەرسیم دوا وێستگەی تاوانەکانی حکومەتی تورکیا نییە، بەڵکو دوای دەرسیمیش تاوان لە فەلسەفەی حکومڕانی تورکیا، ڕەگەزێکی دانەبڕاوەو بەردەوام بەدوای ڕەوایەتیداندا دەگەڕێ. ئەکرێ لێرەدا چەند نمونەیەکی سەلمێنراو بێنینەوە، بۆنمونە :

جگە لە تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە ماوەی ساڵی ١٩٣٥ بۆ ١٩٤٥ نزیکەی "٤٠٠" چوارسەد هەزار کورد لە باکوری کوردستان لەچوارچێوەی سیاسەتی راگواستندا لەسەر زێدو ماڵی خۆیان دەرکراون، ئەمەش جێبەجێکردنی نەخشەی سڕینەوەی کورد بووە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی، کە ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی قڕکردن "جینۆساید"ی کورد. ئەم پرۆسەیە لەیەککاتدا لایەنی ئابوری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و هتد گرتوەتەوەو تێکی شکاندون و لەبەریەکی هەڵوەشاندونەتەوە.

ئەم سیاسەتەی تورکیا بەرامبەر کوردو خاک و شوناسەکەی، رۆژ دوای رۆژ شێوازو میکانیزم و یاسای جیاجیای بۆ بەردەستکراوە، هەروەک لە ٢٥-١-١٩٦٧ حکومەتی تورکیا بەسەرۆکایەتی جەودەت سۆنای یاسایەکی دەرکرد، بە پێی ئەم یاسایە بەفەرمی زمانی کوردی یاساغ کرا، لە ساتەوەختی دەرکردن و جێگیرکردنی یاساکەوە "کتێب، گۆڤار، رۆژنامە، بەڵگەنامە، شریتی گۆرانی، مۆزیکی کوردی" یاساغ کران و سزای جۆراو جۆریان لەسەردانرا.

سەرچاوەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە، کە تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ بۆ ١٩٧٠ سیاسەتی رەوپێکردن و راگواستنی کورد، چەندین لایەنی نەرێنی و کاریگەری خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە ئەکرێ بە پشت بەستن بەو سەرچاوانە بەم شێوەیە دەست نیشانیان بکەین:

یەکەم: رەوکردن بووە بەهۆکاری لەناوچوونی سەرچاوەیی مرۆیی ناوچە کورد نشینەکان، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەیی مرۆیی لە باکوری کوردستان کردووە.

دووەم: سیاسەتی رەوپێکردن بوەتە یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی ستراکتۆری باوی خێزان کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە، کە ئاکام ئەمەش کاریگەری لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری داناوە بە شێوەیەکی نەرێنی.

سێیەم: دەرپەڕاندن و رەوپێکردنی بەزۆر، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی لەناوبردنی کورد، چونکە دووریانی خستوەتەوە لە خاک و نیشتمانی خۆیان و فڕێی داونەتە ژینگەیەکی تر، کەئەمەش ناچاری کردوون رابوردووی خۆیان لەبیربکەن و داب و نەریتی خۆیان لەدەست بدەن.

چوارەم: رەوپێکردنی بەزۆر هەروەک چۆن ئامانجی سیاسی هەیە، هاوکات ئەنجامی سیاسیشی هەبووە، بۆنمونە ئەم سیاسەتە بەردەوام ژمارەی کوردی لەسەر خاک و نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە کەم کردوەتەوە، کە ئەمەش یەکێک بووە لە نەخشە سیاسییەکانی تورکیا بەبەردەوامی.

لەدرێژەی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیادا، لەساڵی ١٩٨٠ بە بیانوی پشتێنەی ئاسایش لەسەر سنوری "ئێران، ئێراق، سوریا"، بریارێکی دەرکرد. بە پێی ئەم بریارە بەپانی "١٠ بۆ ٢٠" کیلۆمەتر، بەفەرمی لە

هاوڵاتیان یاساغ کرا هیچ جۆرە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کاروکاسبییەک بکەن، هەروەها بە پاساوی بەپەرچدانەوەی کاری بەناو ئاژەوەگێری بەهەزاران دوکان و بازاڕیان لەم شارانەی خوارەوە داخست "غازی عەنتاب، دیاربەکر، کلیسیا، بەتلیس، بایەزید" و چەندین شاروشارۆچکەی تر.

لە ساڵەکانی ١٩٨١ بۆ ١٩٩٠، لە ١٩٩٠ بۆ ٢٠٠٠، و بەرەو سەرەوە، تا بەئێستاش، بە پشت بەستن بە دەستوری کۆن و نوێ، هاوکات یاسا کۆن و نوێکان، کاریانکرد لەسەر نەخشە رێگای لەناوبردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەسەر ئاستی لەناوبردنی مرۆیی، لەناوبردنی ئابووری، لەناوبردنی کولتووری، لەناوبردنی ناسنامە، لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی خێزان، بە شێوەیەکی سیستماتیک بەردەوامی هەبووە و هەیە.

کەواتە راستە دەرسیم یەکێکە لە گەورەترین وێستگەکانی تاوانی جینۆساید لە باکوری کوردستان، بەڵام نەخشەی جینۆسایدی باکوری کوردستان پێش دەرسیم و پاش دەرسیم، بەردەوام یەکێک بوە لە پلان و نەخشەرێگای ستراتیژیی دەوڵەتی تورکیا، لە مستەفا کەماڵ ئەتاتورکەوە تا دەگاتە تەیب رەجەب ئەردۆگان. رەنگە نوێترین نمونە کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی و جەزیرەی بۆتان و ئابڵوقەدانی شاروشارۆچکەکانی باکوری کوردستان، راسترین و باشترین نمونەی سەلماندنی ئەو قسەیەیی سەرەوە بێ.

## چەند نمونەیەک

لێرەدا چەند نموونەیەک لە بەردەوامبوونی سیاسەتی جینۆسایدکردنی کورد لەباکوری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە دەخەینە ڕوو، چونکە ئەم نمونانە بەخودی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی تورکیاشەوە ناتوانن رەدی بکەنەوە، بەڵکو لە بەهێزترین حاڵەتدا پاساوی نابەجێی بۆ دێننەوە.

1- لەساڵی ١٩٣٥وە زۆربەی شاروشارۆچکە کوردی و کوردستانیەکان، سیمای مەدەنیان لێبڕێنراو وەک ئامانجێک کرانە سەربازگەی سوپای تورکیا.
2- لەساڵی ١٩٥٣ جەلال بایاری سەرۆک کۆماری تورکیا، لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە رەوانی ئەمەی بە ڕۆژنامەنووسان وت": هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لە تورکیا بوونی نییە."

3- له ساڵی ١٩٥٩ حکومەتەکەی "عەدنان مندریس" بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ وەڵامی کاروچالاکییە رۆشنبیرییە کوردییەکانی دایەوەو ٤٩ نووسەرو رووناکبیری دەستگیرکرد.
4- لەساڵی ١٩٦١ کاتێک حکومەتی "عەدنان مەندریس" بە کۆدێتاو لەسەر دەستی جەنراڵ "جمال غورسێل"، کۆتایی پێهات سیاسەتی جینۆسایدکردن درێژەی کێشا.
5- له ساڵی ١٩٣٧ بۆ ١٩٦٥ دەسڵاتدارانی تورکیا، رێگایان بەگەشتیاران نەدەدا بچنە ناوچە کوردستانییەکان، بەپاساوی ئەوەی ئەو ناوچانە، ناوچەی سەربازی داخراون، ئەمەش بۆ ئەوەی سیاسەتی جینۆسایدکردن و خاک سوتاندنی باکوری کوردستان لە لێکۆڵەرو توێژەرو رۆژنامەنووسان بشارنەوە.
6- لە١٤ی شوباتی ١٩٦٧ حکومەتی تورکیا یاسای چاودێری رۆشنبیری دەرکرد، بە ژمارە "٦، ٧٦٣٥"، ئەمەش وەک رێگرییەک لە هەموو کاروچالاکییەکی رۆشنبیری و کولتووری کوردی.
7- له نێوان ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٥٠، ١٩٦٠ بۆ ١٩٦٣، ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤، له ساڵی ١٩٨٠و سەرەتای دووهەزار، دەوڵەتی تورکیا، باکوری کوردستانی بۆ "١٣" هەرێم لە ژێر حوکمی عورفی و یاسای ناکاو، راگرتبوو.
8- لەساڵی ١٩٩٤ دا و له باکوری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بەپاساوی بوونی چالاکی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان "٤٠٠٠" چوارهەزار قوتابخانە داخراون.
9- له ساڵی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٤ دەوڵەتی تورکیا، "٣٢٠٠" سێ هەزارو دووسەد هاوڵاتی کوردی بە شێوەیەکی گوماناوی تیرۆرکردووە، کە زۆربەیان چالاکوانی مەدەنی و رووناکبیرو نووسەرو سیاسی مەدەنی بوون.
10- تەنها لەنێوان ساڵی ١٩٨٤ بۆ ١٩٩٦ تێچووی جەنگی دەوڵەتی تورکیا دژی باکوری کوردستان و هێزو لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان "٤٠" چل ملیاردۆلار بووە.
11- دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی پرۆسەی بەجاشکردندا، تا ئەم ساتەوەختە ساڵانە چەندین ملیار دۆلار، خەرج دەکات، ئەمەش وەک سیاسەتێک بۆ دروستکردنی کێشەو گرفت دروستکردن.

تێکڕای ئەمانە وەک نمونە، دەتوانین وەک بەشێک لە سیاسەتی جینۆسایدی دەوڵەتی تورکیا دژی کوردو ناسنامەی کوردبوون و خاک و نیشتمانەکەی بناسێنین.

## کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی

رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا، بە درێژایی مێژوو هێرش و پەلاماری دانیشتوان و خاکی ئەو بەشەی کوردستانیان داوە، کە داگیریان کردوە، دیارترین تاوانی ئەنجامدراو تاوانی جینۆسایدی شاری دەرسیم و دانیشتوانەکەیەتی، کە لە پێشووتر باسمان کردو بەشێک لە وردەکارییەکانیمان خستە ڕوو .

تاوانی کۆمەڵکوژی یان جینۆسایدی رۆبۆسکی لە ناوچەی شەرناخی باکوری کوردستان، یەکێکە لە تاوانە رەش و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا بەرامبەر کۆمەڵێک خەڵکی سڤیل و کاسبکاری ئەو ناوچەیە، کە لە ٢٨-١٢-٢٠١١ کاتژمێری ٩ و سی و حەوت خولەک لە نزیک سنووری "تورکیا- عێراق" ئەنجامدرا .

تاوانەکە لە لایەن دوو فڕۆکەی "ئێف ١٦" وە ئەنجام درا، ئامانجەکانیش کۆمەڵێک لە دانیشتوانی گوند نشین بوون، ئامانجیشیان لە نزیک پەڕینەوەی سنوری "تورکیا- عێراق" کارو کاسبی بووە نەک مەبەستێکی ئەمنی یان سەربازی یان هەرکارێک لە دژی حکومەتی تورکیا.

ژمارەی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی باکوری کوردستان "٤٠" کەس بوون و کە هەڵگری رەگەزنامەی تورکیا بوون، دانیشتوی گوندەکان بوون و زۆربەی گەنج و مێردمنداڵ بوون، کاری ئەم کۆمەڵە کوردە کۆمەڵکوژکراوە گواستنەوەی شت و مەکی وەک جگەرەو خۆراکی جۆراو بوو لە نێوان سنووری "تورکیا- عێراق"دا نەک شتێکی تر.

لە رۆژی یەکەمی دوای ئەنجامدانی تاوانەکە کەس و کاری قوربانییەکان کەوتنە گەڕان و پشکنین، توانیان تەرمی "٣٤" کەس بدۆزنەوە کە "٢٨"یان سەربە یەک خانەوادە بوون، ژێدەرو سەرچاوەکانیش ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە کە "٢" لە نێو ئەم کۆمەڵە کۆمەڵکوژکراوەدا، توانیویانە بەرەو نێو خاکی عێراق هەڵبێن و رزگاریان بێت .

سیرفیت کە یەکێک لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی شەرناخە، باسی ئەوە دەکات و دەڵێ: ئەوان خەریکی گواستنەوەی کەل و پەل بوون لە سنووری نێوان تورکیاو عێراقدا، چونکە لە دارایی و

ژیانەوە پێویستیان پێی بووە، ئەم کارەش لەلایەن هێزەکانی پاراستن و ئاسایشی سنوورەوە ئاشکرا بووە نەک نەزانراو.

ئەم تاوانە وەحشیگەری و کۆمەڵکوژییە لەسەر ئاستی ناوخۆی باکوری کوردستان و تورکیاو هەرێمایەتی و ئەورووپاو نێودەوڵەتی کاردانەوەی توندی دژ بە حکومەتی تورکیا بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین ڕێپێوان و خوپێشاندانی جیاجیای لێکەوتەوە، تا ئاستی بەریەککەوتنی توند لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی تورکیادا.

لە ٧ی یەنایری ساڵی ٢٠١٤ پوختەی دۆسیەی تاوانی ڕۆبۆسکی بەم شێوەیە داخرا، نوسینگەی ئەرکان بۆ داواکاری گشتی سەربازی، تەنها ئەوەندەی تۆمار کرد کە ئەوەی ڕوویداوە هەڵەیەکی گەورەیە بەڵام لە چوارچێوەی ئەرک و ئەو دەسترۆشتویەی پێیان دراوە ئەو کارەیان ئەنجامداوە، ئەمە لە کاتێدا کەس و کاری قوربانیەکان و چەندین ڕێکخراوی مافی مرۆڤ سکاڵایان لە سەر ئەنجامدانی تاوانەکە تۆمارکردبوو .

یەکێک لە دیارترین ڕۆژنامە نووسەکان، فرێدریک گیردینک، ژنە ڕۆژنامەنوسی هۆڵەندیەو تەنیا ڕۆژنامەنوسی بیانییە لەئامەدی باکوری کوردستان، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە بەپێی بەدواداچونەکانی گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکوەزیرانی تورکیا بەرپرسە لەڕوداوی ڕۆبۆسکی، لەو ڕوداوەدا بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەیان هاوڵاتی کوردی باکور کوژران.

فرێدریک لە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێ: لەرووی سیاسیەوە ئەردۆگان – سەرۆکوەزیرانی تورکیا- بەرپرسە لەرەشەکوژی ڕۆبۆسکی. بەڵام نەمتوانی بزانم گەر فەرمانی کۆتایی بۆردمانەکە ئەو دەریکردبێت یان نا، تێگەیشتن لەزنجیرەی فەرمان لەسوپای تورکیادا مەحاڵە. بەڵام من نزیکەی لەسەدا ١٠٠ دڵنیام کە ڕەشەکوژی ڕۆبۆسکی هەرگیز بەرێکەوت نەبووە.

هەروەها دەشڵێ: من بیردۆزێکی تایبەتم داناوە کە بەرای خۆم ڕاستەو باس لەهۆکاری ڕوودانو دەرهاویشتەکانی ڕووداوەکە دەکات. تاوەکو دۆکیۆمێنتە نهێنیەکان ئاشکرا نەکرێنو لەلێکۆڵینەوەیەکی

کراوەدا ڕووداوەکە نەخرێتەروو مەحاڵە بەتەواوی دڵنیا بینەوە لەراستی هەر بیردۆزێک. ئەمەش پێناچێت بەمنزیکانە ڕووبدات.

دۆسیەی کۆمەڵکوژی رۆبۆسکی یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی دەسڵاتدارانی تورکیا دژ بە گەلی کورد لە باکوری کوردستان، کەس و کاری قوربانیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی و مرۆڤ و هێزو لایەنە کوردستانی و دیموکراتیخوازەکانی باکوری کوردستان و تورکیا، ساڵانەو بەشێوازی جیاجیا، فشار لەسەر حکومەت و دەسەڵاتدارانی تورکیا دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بکەرانی راستەقینەی تاوانەکە لە بەردەم دادگا رابگرن و تەواوی نهێنی و وردەکارییەکانی تاوانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرابکرێت، ئەمە لەکاتێدایە تا ئێستا حکومەت و دەسەڵاتدارانی تورکیا ئامادەیی چوونە ژێرباری ئەم داواکارییەیان نییە.

## ئەنجام و پێش کۆتایی

ئەم کاروپشکنینەی بەردەست، لە بارەی تاوانی جینۆسایدکردنی باکوری کوردستان، دەمانگەیەنێتە سەرەداوێکی باش و بابەتی، ئەویش ئەوەیە کە باکوری کوردستان، لەسەر ئاستی هەموو پێکهاتەکان "مرۆیی، خاک، شوناس، زمان، کولتور، ئابوری، ژینگە"، لە چوارچێوەی پلان و نەخشەیەکی تۆکمە، بە پشت بەستن بە زەهنیەت و سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا، ڕووبەڕووی سیاسەتی جینۆسایدکردن بوەتەوە.

ئەنجامی ئەم سیاسەتی جینۆسایدکردنەی باکوری کوردستان، لێکەوتەو کاریگەری جیاجیایەو ئاسان نییە لەم ئێشەی ئێمە کەلەبەردەستە تەواوی لایەنەکانی بخرێتە ڕوو. بەڵام ئەوەی گرنگەو پێی گەشتین ئەوەیە، کە جینۆسایدکردن لە باکوری کوردستان بە دەستورو بەیاساو بەبڕیار سیستماتیک کراوە، لە ئاست کۆمەڵگای تورکزماندا ئامادەسازی لە پەروەردەی سەرەتایی خوێندگاوە تا ئاستی پەیمانگاو زانکۆ، لەسەر ئاستی تێکرای کایە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان بۆکراوەو رەوایەتی پێدراوە.

بۆیە کۆمەڵگای کوردەواری لەسەرئاستی دەوڵەتی تورکیا، هەمیشە ئامانجی لەناوبردن بووەو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش هەرچی شێوازی هۆڤیانەو نامرۆڤانە هەیە گیراوەتە بەر. رەنگە ئەوە ڕاست بێت کە کورد لەبەرگری و تەسلیم نەبووندا، لە ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرخوداندا، سەرسەخت بووبێ و داکۆکی بوێرانەی

کردبێ، بۆیە لەبەرامبەر پەلامارو شالاوی جینۆسایدا، خۆی راگرتووەو هەستاوەتەوە سەرپێ، دەنا وەک زۆر نەتەوەو نیشتمان و زمان و کولتوری تر، ئێستا ئاسەواریشی نەمابوو .

گەیشتن بەڕاستی لەبارەی جینۆسایدی باکوری کوردستان، گەڕانەوە بۆ رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ باشترین دەریچەو پێوەرە بۆ سەلماندنی، هەروەک بەپێی هەمان رێککەوتننامە پێویستە لەوە تێبگەین دەوڵەتی تورکیا گەورەترین تاوانباری ئەم دۆسیەیە، کە تا ئێستا هیچ یەکێک لە حکومەتەکانی ئەم دەوڵەتە بەفەرمی نەیسەلماندوە ئەوەی بەسەر گەلی کوردا هێنراوە تاوانی جینۆساید، بەڵکو پاساوی بە بیانووی پاراستنی سیادەی دەوڵەتی تورکیا بۆ دێنێتەوە .

لایەنێکی تری راستیەکی تاڵ ئەوەیە، کە تاوانی جینۆسایدکردنی باکوری کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەهیچ شێوەیەک بەفەرمی نەناسێنراوە، ئەمەش کیمیاسییەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی ئەودەوڵەتانەی لەبنەڕەتدا دژی تاوانی جینۆساید وەک مەترسییەک بۆ سەرمرۆڤایەتی وەستاونەتەوە .

## ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم باسە بەکارهێنراون


١- جینۆسایدو ئەنفالی کورد، چنار نامق، ٢٠١٢، چاپی یەکەم، کەرکوک

٢- ئەمە لە دەرسیم روویدا، ئامادەکردن بە زمانی تورکی: مونزور چەم ، وەرگێرانی بۆ کوردی: ئەحمەد مەحمەد ئیسماعیل، ساڵی چاپ: ٢٠١٣

٣- جینۆسایدی گەلی کورد، دکتۆرمارف عومەر گوڵ، ٢٠٠٣، سلێمانی، چاپی دووەم

٤- مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، رێکار مزوری، کەرکوک، ٢٠١٣

٥- کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم، حوسێن یەڵدرم، وەرگێرانی کاوە ئەمین، ٢٠٠٧

٦- قەتڵ و عامی کورد لە تورکیا، وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە: نەجاتی عەبدوڵا، ٢٠٠٨

٧- دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا، دکتۆر نوری دەرسیمی، وەرگێرانی: دکتۆر ئەحمەد فەتاح دزەیی، ٢٠٠١

www.dilawererebi.wordpress.com

www. elaph.com

www.dilawererebi.wordpress.com

www.gilgamish.org/printarticle.php

www.alrafdeenmusic.com

www.kurdtalk.net

www.alhayat.com

www.genocidekurd.com